# مەترسی تێکەڵاوی لە ناوەندەکانی خوێندا

[ kurdish – کوردی – كردي ]


**شێخ محمد جمیل زینو**

**وەرگێڕانی: ئومێد عمر چرۆستانی**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2014 - 1436

IslamHouse.com

# خطر الاختلاط في المدارس

« باللغة الكردية »

محمد بن جميل زينو

ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1436

IslamHouse.com

# مەترسی تێکەڵاوی لە ناوەندەکانی خوێندا

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بێگومان تێکەڵاوی کوڕ وکچ بە تایبەتی لەناوەندەکانی خوێندندا مەترسیەکی گەورەی هەیە لەسەر ئێستا وئایندەی نێر ومێ وپرۆسەی خوێندن، و کچان و کوڕانی خوێندکاریش .

١- لە ئەنجامی تێکەڵاوی کوڕان وکچان ڕووداوی زۆر سەیر وسەمەرە و نەخوازراو ڕوویانداوە و ڕوو دەدەن، بۆ نمونە لە وڵاتێکی عەرەبی، یەکێك لە کولێژەکانی کشتوکاڵ تاقیکردنەوەیەکی بۆ خوێندکارە کچ وکوڕەکانی ئەنجامدا، دوای ئەوەی تاقیکردنەوەکەیان بەجێهێشت یەکێك لە خوێندکارە

کوڕەکان خوێندکارێکی کچی بردە جێگایەکی پێچ ودوور لە چاوی خەڵکی بۆ ئەوەی ماوەیەك پێکەوە بەتەنها بن، لەو کاتەدا پاسەوانی کیڵگە کشتوکاڵیەکە پێی زانین و چاوی لێیان بوو کە پێکەوە بە تەنها چوونە یەکێك لە سەرئاوەکان، ڕووداوی لەم شێوەیە و هاوشێوەکانی بێگومان ڕۆژانە لەو جێگایانەی کە تێکەڵاوی کوڕان وکچان تێیاندا ئاساییە ڕوو دوەدەن، ئەمەش کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر سومعە وڕێزی ئەو خوێندکارە کچە پێش خوێندکارە کوڕەکە .

٢- لە زۆرێك لەو خوێندگایانەی کە تێکەڵاون، مامۆستایانی پیاو ئافرەت پێکەوە لە ژورێکدا دادەنیشن، وسەرگەرمی گاڵتە وگەپ وسوعبەت کردن وپێکەنین بەدەم یەکەوە دەبن، بێگومان ئەمەش لەڕووی شەرعەوە کارێکی خراپ و نادروستە، چونکە ئەم تێکەڵاوبوونەوە کاریگەری خراپ بەجێ دەهێڵێت لەسەر دەروونی پیاو وژن، چونکە ئەو پیاوەی کە لە خوێندگاکەیدا لەگەڵ

ماموٚستایانی ئافرەت تێکەڵاوە، بە شێوەیەی پێشوو گرنگی بە ژنەکەی خوٚی نادات و وەك پێشووتر پێی موعجەب نییە، چونکە لە ژنەکەی خوٚی جوانتر و قسە خوٚشتر دەبینێت، ئەمەش سەردەکێشێت بوٚ تەڵاق وجیابوونەوە، هەموو هوٚکارەکەش بوٚ ئەو ماموٚستا سافیرەیە دەگەڕێتەوە کە لەگەڵ ئەم ماموٚستا پیاوەدا دادەنیشێت وهیچ سنورێکیان نەهێشتوەتەوە کە نەیانبەزاندبێت .

٣- ئەم تێکەڵاویە کاریگەری خراپیشی هەیە لەسەر ڕەوشت و ئاکاری قوتابیان و خوێندکاران، تەنانەت ئەو مێرمنداڵانەی کە ماموٚستایەکی سەر وقاچ ڕووت وانەیان پێدەڵێت هەمیشە سەرگەرمی زیندە خەو و خەیاڵ کردنن لەگەڵ دەروونی خوٚیاندا، چونکە زانستی دەروون ناسی مێردمنداڵان ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە، کوڕان لەو قوٚناغەدا حاڵەتێکی نائاساییان هەیە، و بە بچوکترین دیاردەی بینینی ئافرەت دەوروژێن وئاگایان لەخوٚیان نامێنێت، بە تایبەتی ئەگەر هاتوو ماموٚستایەکی ئافرەتی گەنج

به شێوەیەکی لەڕادە بەدەر و بە جۆرەها ماکیاج کردن خۆی ڕازاندبێتەوە، بۆیە دەبێت ناوەندەکانی خوێندن لە پێناو سەرکەوتنی پڕۆسەی خوێندن زیاترهۆشیار بن وکوڕان وکچان بەهەموو شێوەیەك لێك جودا بکەنەوە .

٤- تێکەڵاوی کوڕان و کچان لە ناوەندەکانی خوێندندا پرۆسەی خوێندن تووشی ئیفلیجی دەکات، چونکە لەوەها کەشو هەوایەکەدا کچان وکوڕان هێندەی سەرگەرمی گرنگی دانن بە شکڵ وستایل ودیکۆری دەرەوەیان نیو هێندە خەریکی خوێندنی وانە وپێداچوونەوە و گوێ گرتن نابن لە مامۆستا لەکاتی شەرحکردنی وانەکەیدا، چونکە ڕەگەزی بەرامبەری پانتاییەکی گەورەی لە مێشك وزهنی داگیر کردووە، بە پێی لێکۆڵینەوەکانیش کە وولاتانی ڕۆژئاوا کراوە، ئەو خوێندگا و قوتابخانانەی کە تێکەڵاو نیین، خوێندکارەکانی زیرەك تر وسەرکەوتوو ترن لەو خوێندگا وقوتابخانانەی کە کچ وکوڕ تیایدا تیکەولاون .

٥- سەرباری ئەوەی زۆرترین گیروگرفتی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی بەڕێوبەرایەتی ئەو خوێندنگایانە دەبێتەوە کە تێکەڵاوون، هەندێك جار کار کێشەکان ڕووبەڕووی بنکەکانی پۆلیس ودادگاکانیش دەبنەوە، نەك هەر هێندە بگرە کوشتار وخوێنیشی لێ دەبێتەوە.

٦- بۆیە داوایەك ئاڕاستەی بەرپرسانی حکومەت و دەسەلات دەکەین کە چاوێك بە یاسا و ڕێماییەکانی وەزراەتی پەروەردە لەم بوارەدا بخشێنەوە بۆ ئەوەی نەوەیەکی خوێندەواری تەندروست بەرهەم بهێنین، کە ئایندەیەکی گەش بۆ وولات ونیشتمان بەیارمەتی خوای گەورە مسۆگەر بکەن .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

نووسینی : محمد جمیل زینۆ

وەرگێڕانی بەکەمێك دەستکارییەوە : حاجی ئومێد چرۆستانی

سەرچاوە : پەرتووکی ( تكريم الإسلام للمرأة) .